# بیر لە پشتی ڕواڵەتەکان بکەرەوە

نووسینی

د. إحسان برهان الدين

# بیر لە پشتی ڕواڵەتەکان بکەرەوە

موسوڵمان نابێت عاتیفی بێت بەو مەعنای کە لە کەسەکان و ڕووداوو وهەڵوێستەکان ورد نەبێتەوە، پێویستە وردتر بیر بکاتەوە و بەدواداچوون بکات بۆ هەموو ئەوەی لە ژیانی ڕۆژانەدا دیتەڕێی و پێویستی بە لێوردبوونەوە و بەدواداچوون هەیە، لە ڕاستیدا:

-قۆناغی ئێستای موسوڵمانان بەگشتی و کورد بەتایبەتی تەواو جیاوازە لە قۆناغی هەشتاکان و نەوەدەکان وبگرە کەمێك دوای ئەوەش، بۆ نموونە سەبارەت بە مامەڵەی نەیارانی ئیسلام لەگەڵ موسوڵماناندا، چی لەسەر ئاستی فیکری و چی لەسەر ئاستی دەسەڵاتەکان دژ بە ئەوان، ئێستا تەکتیك و شێوازەکانی جەنگ گۆڕاون وستراتیجیەتی لێدان و ناشیرینکردنی ئیسلام پشت بەڕێگە وشێوازە کلاسیکییەکان نابەستێت، دیارترینی ئەو ئالییەتانەی ئێستا بەکاردێت درووستکردنی هێما و سونبوڵی متمانە پێکراوە لەلای موسوڵمانان کە لە واقیعدا ئەوان بە شێوەیەك لە شێوەکان لەگەڵ نەیارانی ئیسلامدان وهیچ نەبێت بەبێ ڕەزامەندی و تیشکی سەوز لە ئەوانەوە هیچ ناکەن و ئەوەش خۆی بۆ خۆی پێشهاتێکی مەترسیدارە و دەبێت بایی خۆی لەلایەن موسوڵمانانەوە بایەخی پێ بدرێت وبیر لە مەترسییەکانی ئەو ستراتیجە بکرێتەوە.

-نالێم هەموویان بەڵام زۆربەی بانگخوازانیش بەتایبەتی ئەوانەی بە ئەوپەڕی بەڕواڵەت بوێرییەوە قسەی خۆیان دەکەن و حەق ڕادەگەیەنن و لە گولێك کالتریشیان پێ ناوترێت و بەبێ گوێدان بە دەسەڵات و بە نەیارانی ئیسلام کە لەم ڕۆژگارەدا هەموو شتێکیان بەدەستە کەچی ئەوان هەر بەردەوام دەبن، ئەمە مەسەلەیەکە دەبێت موسوڵمان بە تێڕوانینێکی سادە و عاتیفی لێی نەڕوانێت، بەڵکو کەمێك لەوە قوڵتر بۆ مەسەلەکە بڕوانێت.

- موسوڵمان دەبێت وێستگەیەکی لەگەڵ ئەو پرسەدا هەبێت و هەموو شتێك کە ختووکەی عاتیفەتی دەدات  هەر بەغیرەت و لەخۆبوردەیی تەفسیر  نەکات، ئەگەر چی ئەو قسەو هەڵوێستانە ئەگەرێکی لاواز هەیە تەنها غیرەتی لە پشتەوە بێت بەڵام لەولاشەوە ئەگەرێکی بەهێزتر و مەعقولتر هەیە کە جگە لەمەسەلەی غیرەت و حەقبێژی ڕێکەوتنێکی لە پشتەوە هەبێت و ئەوە لە سەروبەندی سەفقەیەکدا بکرێت بەو ئیعتیبارەی کە لە سەردەمی حوکمی عەلمانی بەسەر زۆربەی وڵاتانی جیهاندا شار بێ خاوەن نییە مەسەلەی دژایەتی ئیسلامی کیتاب و سوننەت مەسەلەیەك نییە جێگای خیلاف بێت و ئەوان لەسەر ئەوە کۆکن ئەگەرچی شێوازەکانی ڕووبەڕووبوونەوە جیاوازی تێدایە.

هەڵەیە تەنها لە ڕوانگەی ناوەڕۆکی وتار و وانە وچاوپێکەوتنەکانی ئەو کەسانەوە بڕوانیت وبڕیار بدەیت، ئەوە بۆ سەدەی بیست و یەکەم پێی دەوترێت سادەیی و لەوانەیە ئەو سادەییە بتکاتە ڕۆبۆتێك بەرنامەی کەسانی تر کە حەقیقەتەکەی نازانێت جێبەجێ بکەیت و بتکات بە ژمارەیەکی بێ مەعنا !

-هەڵەیت ئەگەر لەم ڕۆژگارەدا - تا ئاستی گومان - لە هەموو شتێك و لە هەموو لایەن و کەسێك ورد نەبیتەوە وتەحقیق لە حاڵیان نەکەیت، هەمیشە دەبێت بیر لە ڕووداوەکانی پشتی پەردە بکەیتەوە چونکە ڕۆژگارەکە وای لێ هاتووە و وا دەخوازێت، ڕزقی دەوڵەت و حیزب و علمانی و ئیسلامی هەمووی لەسەر ئەوانەیە کە عاتیفی بۆ شتەکان و دەڕوانن و بەباشی بیر ناکەنەوە و متمانەی کوێرانەیا بە غەیری خۆیان هەیە، ئەگەر ئەوان نەبن بازاڕی زۆر کەس و لایەن کەساس دەبێت و ڕەنج بەخەسار دەبن، لەم میانەشدا چەند حەقیقەتێکی تاڵ هەیە دەبێت بیانزانیت :

-یەکەم دەربارەی هەڵوێستی نەیارانی ئیسلامە لەسەرتاسەری جیهاندا بەرانبەر ئیسلامی کیتاب و سوننەت، کە بووەتە ئیسلامێکی نامۆ و شوێنکەوتووانیشی بوونەتە خەڵکێکی نامۆ، هەموویان بەیەك دەنگ و بەبێ جیاوازی ئیسلامی کیتاب و سوننەتیان

پێ ڕەفزە و بە مەنهەجێکی توندو تیژ و دواکەوتووی دەزانن و زیان بە ئاشتی کۆمەڵگا و پێکەوە ژیان و بە دیموکراسی و بە هەموو شتێك دەگەیەنێت، ئیسلامی کیتاب و سوننەت زەنگی مەترسییە و زۆربەی دانیشتوانی سەر زەوی یان بە ڕاستەوخۆ یان بە جەهل و بە ناڕاستەوخۆ نکۆڵی لێ دەکەن و لێی بەرین، هەرکێ بانگەوازی بۆ بکات لەناو هیچ کۆمەڵگایەکدا جێگای نابیتەوە وجۆرەها گرفتی بۆ درووست دەبێت.بەڵام ئەم ئامانجە بەو ڕاشکاوییە دەربڕینی لێ ناکرێت وبەڵکو ناوەڕۆك و جەوهەری بانگەشەکەی ئەوەیە کە ئاماژەم پێ کرد. زۆربەی دەولەتەکانی جیهانی ئیسلامی و سەرۆکەکان و ئەزهەر زۆربەی مجامع ە کان و ئەو دەستانەی پێی دەوترێت یەکیتی زانایان و گەورە زانایان و سەرچاوەکانی فتوادان و یان بە ناوو نازناوە جیاوازەکانی ترەوە دەردەکەون  هەموویان بە ڕێژەیەکی جیاواز ئەو ئیسلامە نوێیەی کە ئەمریکا و ڕۆژئاوا پێی  ڕازین ئەوە بەرپا دەکەن و ئیتر رغبا و رهبا هاتوونەتە سەر ئەو ڕێبازو تێگەیشتنە نوێیە .

-دووەم: ئیسلامێکی تر هەیە کە دەستی گۆڕانکاری و لێ کەم کردن و بۆ زیاد کردن و شێواندن و گونجاندن وجوانکاری سەردەمیانەی  پێ گەیشتووە و لە ڕاستیدا نوسخەیەکی نوێ و سەردەمیانەیە لە ئیسلام و جیاوازی زۆری لەگەڵ نوسخە ڕەسەنەکەدا هەیە، لەم ڕۆژگارەدا ئەم ئیسلامە ڕەواجی هەیە  و بازاڕی گەرمە وزۆربەی خەڵکی و پاڵپشت بە مەلاکان و حیزبە ئیسلامییەکان و ڕێکخراوێکی زۆر لە

سەرتاسەری جیهاندا پشتگیری ئەم ئیسلامە دەکەن کە بەزمانی حاڵ و بە ئیجماعێکی سکوتی زۆر ئایەت و فەرمووده و حوکم و سزا و ڕێنماییەکانی ئیسلام لە کارخروان و پەك خراون و کێیش باسیان بکات یان بانگەشەیان بۆ بکات ئەوا بەکەسێکی توندڕەو دادەنرێت و لە کۆمەڵگادا جێگای نابێتەوە. ئەم ئیسلامەی کە وەرگیراوە و سەدان ملیۆن شوێنکەوتەی هەیە چەمکەکەی نزیکە لە چەمکی ئایینەکانی ترەوە ڕێك پێناسەی عەلمانیەتی بۆ دین بەسەردا جێبەجێ دەبێت کە ئایین بریتییە لە پەیوەندییەکی تایبەت و کەسێتی کەسەکان لەگەڵ پەروەردگاری خۆیان و هیچ پەیوەندییەکی بە واقیعی ژیانەوە نییە و لە سیما دیارەکانی ئەم نوسخە مۆدێرنە لە ئیسلام ئەوەیە ئایینێکی تایبەتە بە عیبادەت و بژاری دڵ و دەروون وتەوحید و عەقیدە تێیدا بەجارێك دوورخراوەتەوە و موسوڵمان بەم پێناسەو مەفهومە ئاساییە موسوڵمان بێت وبەهەشت دەستەبەر بکات بۆ خۆی و لەهەمان کاتدا عەلمانیش بێت . ئاساییە نوێژ و عیبادەکانی تری بکات و هاوکات لەگەڵ هەر حیزب و لایەن و هێزێکدا بێت بەدەر لە ئاراستەیو تا چەند لەگەڵ بنەماکانی ئیسلامدا گونجاو بێت یان ناکۆك، لەو نوسخە مۆدێرنەی ئیسلامەدا کەسەکە ئەتوانێت لەگەڵ هەرکێ بیت کە خۆی پێی خۆشە، چونکە ئایین تەنها مەسەلەیەکی تایبەتە لە نێوان بەندە و الله و بەس.

لە یەك دەنگییەکی سەیرو سەمەرەدا شەرق و غەربیش بەم ئیسلامە ڕازین ولارییان لەسەری نییە، جا بۆ جێبەجێ کردنی ئەم ئامانجە سەرانی عەلمانییەت لە هەموو

شوێنێکی سەر زەویدا پەنا بۆ بەشێك لە مامۆستایانی ئایینی دەبەن کە پیاوی خۆیانن و بە ئەهلی دینە با ئەهلێکی ساختەش بن لە دین دەدەن ودەرەنجامی چاوەڕوان کراویشی لیَ دیتە بەرهەم.

هەروەها حیزبی ئیسلامی و کەسایەتی مۆدیرن و ڕیفۆرم خوازە ئیسلامییەکان وڕێکخرواویکی بیَ شومار لە هەموو وڵاتێکدا کە درووست دەکرێن و دەوڵەتەکانیان پشتگیرییان لیَ دکەن و و یارمەتییان دەدەن کە ئەوانیش هەمان ڕۆڵی ئەو مامۆستا ئایینی و حیزبی ئیسلامی و ئەو دەستە فەرمییانە دەبینن کە بەزاهیر بۆ ڕێنوێنی موسوڵمانان درووست بوونەو لە جەوهەریاندا کە لێیان وردبیتەوە بۆ بەرگریکردن لە سیستمی عەلمانی ئەو وڵاتانە درووست بوونە کە ڕێگەپێدان و پاڵپشتییان دەکەن وبۆ زۆرێك لە کارەکانیان فەتوا لە ڕێگەی ئەوانەوە دەستەبەر دەکەن و ئەوانە بە تێکڕا توانیویانە خەڵکی موسوڵمانی بی ئاگا بکەن بە سوپایەکی بەرگریکار لە سیستمە عەلمانیەت و واش نازانن هیچ هەلە و کێشەیەکیان هەبێت لە دینداریدا بەهۆی ئەو پاڵ پشتییە بەهێزەی مامۆستای ئایینی و دەستەی زانستی و حیزب و لایەن و ڕێکخرواەکان نیشانی ئەدەن.

-بەو شێوەش تەکتیکی دژایەتی ئیسلام گۆڕانکاری گەورەی بەسەردا هات و شێوازە تەقلیدییەکانی دژایەتی ئیسلام باوی نەما و لە بنچینەوە پێویستییەکی ئەوتۆ نەما بەوەی کە عەلمانیەت خۆی وەکو دەوڵەت و وەکو سیستەم هەنگاوەکان بۆ

قەڵاچۆکۆدنی ئیسلامی کیتاب و سوننەت هەڵگرێت، چونکە کەسانێکی بەڕواڵەت نەك تەنها موسوڵمان بەڵکو زانا و بانگخواز و کەسایەتی ئەکادیمی بەرگری لەو ئیسلامە هاوچەرخە مۆدێرنە دەکەن کە هەندێك بە ئیسلامی ئەمریکی و لیبرالی دەربڕینی لێ دەکەن و هەندێکیش بە بەبەرهەمی خوێندنەوەی هاوچەرخ و نوێ بۆ ئیسلام دەربڕینی لێ دەکەن.

-لەم ڕۆژگارەدا ڕواڵەتی باش وقسەی جوان و مەنتیقی حەق هەرگیز مەرج نییە بە تەنها خۆی  بەڵگەیەکی کافی بێت  بۆ باشی و سەرڕاستی خاوەنەکەی، بە ئەگەرێکی کەمەوە لەوانەیە وابێت و بەئەگەرێکی زۆریشەو لەوانەیە لە دیوی شاراوەی ئەو کەس حاڵەتانەدا نهێنی مەترسیداری تێدا هەبێت کە کەمترینیان ئەوەیە بەڵێن بدەن بەهیچ شێوەیەك باسی سەرانی حوکم و دەسەڵات بەخراپە نەکەن لە وڵاتەکانیاندا ولەبەرانبەریشدا وەرگرتنی گەرەنتی سەلامەتی حەقبێژەکان و دەست بەرێگە نەهێنانیان بێت کە ئەوەش وەکو وتمان بەبێ نرخ نییە و دەبێت کاکی حەق بێژ نرخەکەی بە پێشەکی لە دینی خۆی دابێت.

-زۆرێك لەوانەی درووستکراوی دەستی عەلمانی و دەسەڵاتەکانن لە وڵاتە جیاجیاکاندا، بانگەشەکشیان بەڕواڵەت بانگەشەیەکی باشە و لەبەشێکی باشیدا

موافیقی کیتاب و سوننەت، ئەوەش میکانیزمیکی ترە بۆ ڕاکێشانی عاتیفەی خەڵکی و هەوڵێکە بۆ نەهێشتنی گومان بۆ ئەوەی ئامانجەکانی تر جێبەجێ بکەن، بە کورتی گومان و لێوردبوونەوە و سادە نەبوون خاڵی گرنگن بۆ موسوڵمان،

-دەسەڵاتەکانیش لە هەموو شوێنێکی ئەم جیهانە بەرینەدا و لەم قۆناغە هەستیارەدا، دەرکیان بەو لاوازی و دوو ڕووییە کردووە کە لەبەشێکی بەرچاو لەو جۆرە قسەکەرانەدا بەناوی ئیسلامەوە بوونی هەیە کە وێڕای ئەوەی بەلای هەرشتێك کە زیانی بۆ پەزەکان هەبێت ناچن، هاوکات بە ئەوپەڕی حەماسەتەوە بەرگریش لە دینی خۆیان دەکەن و باسە نەزەرییەکان بەگەرمی نمایش دەکەن. کەسی وا هەبووە تا بیناقاقای بەرنامەی نەیارانی ئیسلام جێبەجێ دکات و لەو لاشەوە لە زنجیرە وانەیەکدا شەرحی الأصول الثلاثەی کردووە و سەدان نموونەی وا بەردەستە.

واتە حاڵەتێکی دوو فاقەیی و خۆ خەڵەتاندنیان لەلای ئەو جۆرە مامۆستا و بانگخوازو کەسایەتییانە درووست کردووە، کە لەلایەکەوە دەڵێن حەقمان گەیاندوە و موسوڵمان بەرچاو ڕوون دەکەین، لەلایەکی تریشەوە سەلامەتی خۆیان و لەوانەیە هەندێ شتی لەوە زیاتریشیان بۆ خۆیان دابین  ودەستەبەر کردبێت.

-دەسەڵاتەکان لە هەموو شوێنێکدا هەم لە خەڵکی تێگەیشتوون کە هیچیان لەباردا نییە و دینەکەیان وەکو قەزییە و کێشەیەك تەماشا ناکەن و مەسەلەیەکی لاوەکییە بەلایانەوە زۆریش لەدینەکەیان ناحاڵین و هەرگیز حالیش نابن.

هەروەها بەجوانی لەوەش تێگەیشتوون کەوا هەمیشە خەڵکانێکیان دەست دەکەوێت لەوانەی بەناو ئیسلامەوە قسە دەکەن، کە بەڕوالەت و قسەکردن و توانای قەناعەت پێ کردنی خەڵکی بەوەی دەیانەوێت ئاستێکی باشیان هەیە، دڵنییان لەوەی لە ئەم سەری شلییەوە بۆ ئەو سەری توندی کەسانی بەتوانایان دەست دەکەوێت کە ئامادەیی تەواویان تێدا هەیە ببنە پیاوی ئەوان و لە سنوورێکدا کە حەقیقەتیان دەرنەکەویت بۆ هەموان بەرنامەی ئەوانیش جێبەجێ بکەن ولە پاڵیشیدا بەرنامە و مەزهەب و ئەوەی کە خۆیان باوەڕیان پێیەتی جێبەجێی بکەن، کە ئەمەش ڕاستەوخۆ لەگەڵ بەرنامەی ئیسلام و عەقیدەدا تێکدەگیرێت و پێچەوانەیە.

-هەمیشە بۆ ئەوەی نەبیتە ئەو رۆبۆت و ژمارە بێ مەعنایەی باسم کرد و بەکار بهێنرێیت، پێویستە ئەوەی کە لەسەرەوە ئەیبینیت وا نەزانیت ئەوە هەموو شتێکە، نەخێر لە هیچ وڵاتێکدا عەلمانییەت لەو ئاستە سادەو گێلییەدا نییە کە دەسەڵاتی بەدەست بێت و مامۆستا و دکتۆر و مەلا و بانگخوازێك بەو شێوە لەسەرووی ویستی ئەوانەوە بتوانێت بەرنامەی خۆی ڕابگەینیت و ئیسلامە قەدەغەکراوەکە باس بکات و ئەوانیش دەستەوسان تەماشای بکەن یا جار و بارگلەییەکی لێ بکەن، ئەوە خەونە

و خۆشباوەڕییەکی بێ بەڵگەیە، بەڵکو لە پشتی ڕووداوەکان و ئەوەی خەڵکی دەیبینن و دەیبیسن - زۆر جار - شتی تر هەیە و ڕێکەوتن هەیە، جا ڕێکەوتن مەرج نییە بە نووسراو و بە ئیمزا کردن بێت، لەوەشدا جاری وا هەیە بەیەك ئاخاوتن و سەردان و پەویەندی تەلەفونی و قسەی پڕ لە ئاماژە و دیاری و بڕە پارەیەکی مانگانە و ...هتد ڕێکەوتنێك بێت لەوە تۆکمەتر کە لە ڕێگەی بەلێننامەو ئیمزاکردنی ئەنجام بدرێت، ئەویش لەبەر هۆکارێکی زۆر ئاسان ودیار کە بریتییە لەوەی لایەنی یەکەم بەهێزە وخاوەن بڕیارە و لایەنی دووەم لاوازە و مشەخۆرە.

-ئەوەی لە تەمەنی مندا بێت ئاگاداری بارودۆخی سیاسی و فیکری کۆتایی هەشتاکانە بەو پێیەی ئەو کاتە تەمەنمان نەگەیشتبوە بیست ساڵی ولەسەرەتای لاویدا بووین، هەروەها ئاگاداری نەوەدەکان و ساڵانی دوای ئەوەشە لەسەدەی بیستەمدا ودەزانێت لە کاتێکدا دەسەڵاتەکانی ئێستە هەڵوێستیان لە بەرانبەر ئیسلام هیچی لە دەسەڵاتەکانی ئەو سەردەمە باشتر نییە، لەگەڵ ئەوەشدا ئەوەی کە ئێستا دەوترێت ئەگەر یەك لەسەر سەدی ئەو کاتە بوترایە دەزانین سەرەنجامی خاوەنەکەی چی دەبوو؟ بە کورتی دەچووە خەبەری کانەوە، ئێستا بە تەحەددا و پڕ بە گەروی خۆیانەوە ئەوەی بیانەوێت دەیڵێن و لە گوڵێك کاڵتریشیان پێ ناوترێت، بە دەگمەنیش تێبینی ئەوە دەکرێت کە ئەو بانگخوا و مامۆستا و ناودارانە لە دوور و نزیکەوە توخنی سەرانی عەلمانیەت و دەسەڵاتداران ناکەون و هیچ جەوێکیان لێ تێك نادەن، بەڵکو

هەندێ جار بێ ئابڕووی دەگاتە ئەو ئاستەی بە ڕۆژی ڕووناك وپاڵ پشت بە جەهلی موسوڵمانان و ئەو خەوە قورسەی کە تێیدا خنکاون لەگەڵ خودی ئەو نەیارانەی ئیسلامدا ڕێکدەکەون و گوێڕایەڵی خۆیان و شوێنکەوتە چاونووقاوەکانی خۆیانیان بۆ دووپات دەکەنەوە، ئەمەی کە باسی دەکەم لە زۆربەی دەوڵەتە عەرەبیەکان و لە جیهانی ئیسلامیدا بوونی هەیە و بەچاوی سەر دەبینرێت.

-دڵنیابن زۆربەی زۆری کەسایەتی و لایەنەکان لەوانەی قسەی گەورە و شیعاراتی گەورە وتوند و حەددی بەرز دەکەنەوە ، ئەو مەسەلە بێ حیکمەت نییە و بۆی هەیە هەموو هۆکارێکی لە پشتەوە بێت کە مەرج نییە یەکێك لەو هۆکارانە غیرەت و بوێری و حەقبێژی بێت! هیچ نەبێت لەسەرەتا و تاکو پیچەوانەکەیت بۆ دەسەلمێت دەبێت ئەوە بەدوور بزانێت نهێنی ئەو ئازایی و حەقبێژییە ئەوە بێت کابرا دەستی لەخۆی شۆردبێت و بلێت ئێمە یەکجار دەمرین ئیتر بۆچی بترسین؟ !

کەسانی وەکو أحمد بن حنبل و ابن تیمیة هەر دەمێنن لە ئوممەتی ئیسلامدا بەڵام بێ گومان هەمیشە دەگمەنن و لە کۆی سیفەت و خەسڵەت و زانست وغیرەتیاندا کەس بە ئاسانی ناگاتە ئاستی ئەوان و بەڵکو نزیکیش نابێتەوە لێیان.

-له خۆتانەوە پشتگیری هیچ کەس و لایەنێك مەکەن، ئەگینا ئێوە لە دارو دەستەیەکی بێ ئاگای بەکارهێنراو زیاتر نابن، ئاگری ئەو جەنگە فیکرییەش ئێوە خۆشی ئەکەن.

ئەی چی بکەین لە هەموو شتێك دوور بکەوینەوە و هیچ ڕۆڵێکمان نەبێت بۆ سەرخستنی دینەکەمان ودەستەوسان دابنیشین؟ نەخێر من وام نەوتووە، تەنها وتوومە مەبە دارودەستەیەکی بەکارهێنراو چونکە کەمن ئەوانەی لە پشت ڕواڵەتە باشەکانیانەوە نهێنی خراپ نەبێت، من دەڵێم لە هەموو کەسایەتی و لایەنەکانی گۆڕەپانی ئیسلامی و سیاسی دووربکەونەوە چونکە هەموو شتێك بەدەر نییە لە گومان، زۆربەی لایەن و کەسایەتی و مامۆستا و ئەکادیمییە دیارەکان کە ئاراستەی خەڵکی دەکەن ئیللا دیوێکی نهێنی سەبارەت بە مامەڵە کردنیان لەگەڵ دەسەڵات و لەگەڵ عەلمانیەتی هاوچەخدا هەیە، زۆر جار هیچ نەبێت بەناراستەوخۆ ڕێکەوتنی گوماناوی و بەڵێننامەی ناکۆك لەگەل عەقیدەی ئیسلامیدا بوونی هەیە و زۆربەیان - الا ما رحم ربي - بەشێکی شاراوە لە کەسایەتی و بەرنامەی کارەکانیاندا هەیە، کە ئەگەربێت و بیزانیت ئینجا لە دیمەنەکەت بە ڕوونتر بۆ دەردەکەویت وجوانتر لە مەسەلەکە تێدەگەیت.

-ئەوەش بزانن کە هەرکێ مزگەوتی وەرگرت وجومهوری هەبوو، عادەتەن ئیتر حەقی پی ناوترێت، یان بەوردتر بڵێین هەموو حەقیکی پێ ناوترێت، دەبێت لە کاتی

قسەکردن و وتارەکانیدا وریای سەد شت بێت و دەیان هێڵی سوور هەیە نابێت یەك دانەشیان ببەزێنێت !

خۆیشی لەگەڵ ڕۆژگاردا ڕادیت و واجبی خۆی چاك دەزانێت چییە و دەزانێت چی قەدەغە کراوە ونابێت توخنی بکەویت و چی مەسموحە و ئاساییە هەموو خوتبەیەکی هەینی باسی بکات .

ئیتر بەرێوەبەر و خاوەن ڕێخراو ومامۆستای زانکۆ و کەسایەتی دیار و هەموو ئەمانە هاوشێوەی بەڕێوەبەری مزگەوت لە پێناو مانەوەیاندا لە کارەکانیان ئەرکی خۆیان و شێوەی هەڵسوکەوتی خۆیان بەبێ ئەوەی هیچ ڕێکەوتنێکیان لەگەڵدا بکرێت دەزانن دەبێت چۆن بێت، عیبرەت بە زۆرییە ئەگینا هەموان بەو شێوە نیین.

-چاکیش دەزانم ئەم بانگەوازە بۆ کەسانێکی کەم نەبێت وەکو فوو کردنە بەخۆڵەمێشدا، چونکە کەسانێك هەن کە بەداخەوە زۆرینەشن، هەر دەبێت (إمعة) و شوێنکەوتوو بن، خۆیان توانای ئەوەیان نییە لە ڕاستییەکان تێبگەن و ئامادە نین مێشکی خۆیان ماندوو بکەن. زۆربەی ئەوانەی لێرەدا ئاماژەیان پێ دەکەم، هەر دەبێت خەلکانێکی تر بیریان بۆ بکاتەوە و بۆیان بخوێنێتەوە و وانەیان بۆ بلێت و کەس و لایەنەکانیان بۆ پێناسە بکات و ئەوان تەنها گوێگر و گوێڕایەڵ بن، بەو بەهانەی کە ئەو کەس وکەسایەتی و لایەنانە زۆر جێگای متمانەن وخاوەن زانست و سابیقەو

غیرەتن، بە زمانی حاڵ دەڵێن: ئیتر ئێمەش دەبێت چاو بنووقێنین و بە قسەیان بکەین و بۆ کوێ بیانەوێت لەگەڵیاندا بچین و لە چ شەڕێکدا پێویستیان پێمان بێت دەبێت ببینە سەربازی مێشك داخراوی ئەو شەڕە کە بەبێ داوای بەڵگە و بە متمانەوە فەرمانەکان جێبەجێ بکەین.

-من وەکو خۆم بە توانایەکی سنووردار و زانستێکی کەمەوە، بەڵام هەموو هەوڵێکم بۆ ئەوەیە سەرچاوەی زانستەکەم کیتاب و سونەت بێت، ئەوەی بە باش وبەسوودی بزانم بۆ موسوڵمانان و ئەوەی بە حەق بزانم و توانای وتنیم هەبێت دەیڵێم وتوومە و لە بازنەی بڵاو کردنەوەی زانستی شەرعیدا و بەتایبەتی زانستی عەقیدە و وەرگرتنی ئیسلام وەکو ئەوەی کە لە کیتاب و سوننەتدا هاتووە بەو توانا و زانستە سنووردارەوە تاکو الله تەمەن و بوارم پێ بدات هەر بەردەوام دەبم وداواش دەکەم هەموو موسوڵمانێك بە گوێرەی توانای خۆیان وابن و ئیسلام وەکو کێشەو وەکو قەزییەك تەماشا بکات کە خەمی سەرخستنی بخۆن و بەرگری لێ بکەن و لە ماڵ و مناڵ و خێزان و لە هەموو شتێك زیاتر خۆشیان بوێت.

-لەگەڵ ئەوەشدا لە دوورەوە ڕێزو تەقدیرم هەیە بۆ زۆرێك لەوانەی کە گۆڕەپاندا بوونیان هەیە وکێشەی شەخسیم لەگەڵ کەسدا نییە الحمدلله، بەڵام لەبەر ئەوەی

له شێوازو مەنهەجی کارکردنیاندا بە هەڵەیان دەزانم بە هیچ شێوەیەك کاری هاوبەشم لەگەڵ هیچ لایەن و کەسایەتییەکدا نییە و بۆ پاراستنی خۆم و دین و خێزان و ئەوانەی کە مەبەستمە خێریان پێ بگەیەنم دوو ڕووناکی و مەشخەڵی ڕۆشنا و گەورەم بۆ خۆم دیاری کردووە کە بەبەڵێنی خۆشەویستمان صلی الله علیه و سلم کێ دەستیان پێوە بگرێت سەرفرازە ئەویش کیتاب و سوننەتە هەموو شتێك و هەموو وتەو هەڵوێست و ڕووداوێکیش لە ڕووناکی ئەو دوو سەرچاوەدا تێدەگەم ، جا یان وەریدەگرم و یان ڕەتیدەکەوە.

له ساڵی 2000 یشەوە کە لەو کاتەوە پەیوەندیم بە هیچ لایەنێکی حیزبی و فیکری وسیاسییەوە نەماوە، هەستم بە تام و چێژی دینداری کردووە و الله تعالی بەرەکەتی خستە کارەکانمەوە و لە بابی ﴿وَأَمَّا بِنِعْمَةِ رَبِّكَ فَحَدِّثْ﴾دەڵێم الحمد لله خەڵکانێکی باش سوود لە بەرهەمەکانم وەردەگرن.

ئەمەش بانگهێشتێکە بۆ هەموو ئازیزانم کە هەمان ئەو کارەی من بکەن و پەوەیندییان بەکەسوە نەمێنیت وەکو کارکردن و ئاراستەی حیزبی و فیکری و مەنهەجی، بەدڵنیاییەوە ئاسۆیەکی ڕوونتریان بۆ دەردەکەوێت و لە زۆر هەڵە و لادان و تاوان ڕزگاریان دەبێت کە تاکو هەمان کارەکەی من نەکەن بەبڕوای من ناتوانن هەستی پێ بکەن، چونکە بەداخەوە سەردەم سەردەمی فیتنەیە و هیچ کەس و کەسایەتی و لایەنێك نییە بتوانیت بە ئاسوودەیی وبێ مەترسی ئەوەی بەڵایەکت

بەسەردا نەهێنیت خۆتی ڕادەست بکەیت و چاوبنووقینێت کە ئەو لە جیاتی تۆ بیربکاتەوە و ڕێگات پێ نیشان بدات.

لەوەش دڵنیابە وەکو عبدالله ی کوری مەسعود الله لێی ڕازی بێت فەرموویەتی، ئەگەر دەتەویت شوێنکەوتووی کەسێك بیت شوێنکەوتوو مردوویەك بە کە لەسەر تەوحید و زانستی باش و شوێنکەوتنی کیتاب و سوننەت وەفاتی کردووە، ئەگینا هەموو زیندوویەك مەترسی لەخشتەچوون و فیتنەی لەسەرە، کەمێك لەم قسەش ڕابمێنیت و وردبیتەوە چەندین بەڵگە لە هەموو وڵات و شوێن و شارو شارۆچکەیەك دەبینێت، چونکە وەکو وتم فیتنە زۆر بووە و وەکو تاریکی شەو باڵی بەسەر هەموو شتێکدا ڕاکێشاوە.

پێشم وایە لەم ڕۆژگارەدا سەبارەت بە ناسینی کەس و لایەنەکان یەکەم جار گومان پێش بخەیت سەلامەتترە  و بەقسەی باش و بەڕواڵەت هەڵنەخەڵنەتێی تاکو پێچەوانەکەیت بۆ دەردەکەوێت، واتە لەڕووی (احیتاط) ەوە گومان ببەیت، بەڵام کاری پێ مەکە تاکو بۆت دەسەلمێت !

هیچیش لەکەس وەرنەگریت تاکو بەڵگەکەی نەزانیت، چونکە خەڵکانی قسەزان و (علیم اللسان) ی خاڵی لە زانست زۆربوونە و بەئاسان خەڵکی بەوەی دەیانەویت قایل دەکەن.

پێویستە ( قُلْ هَاتُوا بُرْهَانَكُمْ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ) بکەیتە درووشمی ژیانت و لەوە دڵنیابیت ئەم سەردەمە سەردەمی ئەوە نییە بە ڕەهایی خۆت تەسلیمی هیچ کەس ولایەنێك بکەیت، بەڵێ سوود وەربگرە لە هەرکێ شایانی ئەو بێت سوودی لێ وەربگریت، بەلام وەکو وتم لە هەموو شتێك وردبەرەوە و داوای بەڵگە بکە.

زۆر جار تۆ ژمارەیەکی ئەچیتە سەر ژمارەکان، دەنگێکی بۆ کاتی هەڵبژاردن و دەنگدان، پرۆژەی دەستکەوتێکی مەعنەویت بۆ غەیری خۆت بێ ئەوەی بەخۆت بزانیت، ئەگەر بێت و زانستی شەرعیت ئەوەندە نەبێت حەق و باتڵ ی پێ لە یەکتر جیا بکەیەیتەوە ئەوا تۆ ئەو نێچیرەیت کە ئەگەر لەمان ڕزگارت بێت و مەحاڵە لەوان ڕزگارت بێت و نەکرێیت بە نێچیر و بەژەمێك و ئەگەر وابیت هەر لە ئێوارەوە حیسابت ڕۆیشتووە و لافاوی فیتنە وبەرژەوەندییەکان رایماڵیویت.

لەمەشدا جگە لە ڕێپیشاندانی خوێنەران بۆ باشترین ڕێگە کە خۆم ساڵانێکە کارم پێکردووە و سوودم لێی بینیوە هیچ مەبەستێکی ترم نییە. و الله من وراء القصد.

تێبینی: ئەمانەی کە وترا حوکمێکی گشتی نییە وەکو ئەوەی بڵێی هەموان وابن، نەخێر خۆ ئەگەر ئەو واتا بگەیەنێت ئەوە نەبینی باشە و نکۆڵی کردنە لە حەق کە پەنا بە الله دەگرم بەو شێوە بم، بەڵکو هەمیشە کەسانی باش و خەمخۆر وحەقبێژ و ڕاستگۆ لەگەڵ خۆیان و لەگەڵ موسوڵمانان و پەروەردگاریاندا لە ناو مامۆستایانی ئایینی و بانگخوازاندا بوونیان هەیە و جێگای شانازی و سوود لێ بینین، بەلام لەگەڵ ئەوەشدا هەر دەبێت موسوڵمان علی بینة بێت هیچ بەبێ بەڵگەی خۆی وەرنەگرێت.

هەروەها ئەمەی کە وترا بەهیچ شێوەیەك توانج نییە لە کەسانێکی دیاری کراو یان لایەنی دیاریکراو، بەڵکو شیکاری و تێگەیشتنێکی خۆمە بۆ واقعی ئەم ڕۆژگارە، نەك تەنها بۆ کوردستان، بەڵکو لە زۆربەی وڵاتەکانی ئەوەی بە جیهانی ئیسلامی دەناسرێت ئەو ڕاستییە تاڵانە بەرقەرارەو واقیعێکی بەرجەستەن.

إحسان برهان الدين

سێیەم ڕۆژی جەژنی قوربان 1444

2023-6-30